شیعرو شتەکان

عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

(1)

(شیعر گەڕانە) ئەوە هەرگیز ناکەوێتە نێو وەڵامی شیعر چییە, چونکە (ئۆگستین)ی مەزن لە پرسیاری زەمەندا دەڵێم ئەگەر نەپرسن دەشێ وەڵام بێ, بەڵام کاتێك ئەو پرسیارە ئاشنایە دەکرێ, راستەخۆ تووشی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی و ترسێکی گەورە دەبمەوە.
کەواتە ئەگەرچی ئەو رستەیە مەرجی پێناسەکردنی هەڵنەگرتووە, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەشێ هەموو بەدواگەڕانێك خۆبینینێکی دیکەی شیعر بێ, یان بەرجەستەکردنی جۆرێکی دیکەی ژیان بێ, بەو مانایەش شیعر دەبێتە دەستلێدانێکی دیکەی ژیان.

(2)

(شیعر وردبوونەوەیە) ئەوەی لە پشت ئەو رستەیەوە خۆی دەنوێنێ هەر تەنها بیرکردنەوەیەکی سیستماتیزەکراو نییە, بەڵکو شتێك لە هەڕەمەکیەتی پێیە, بەو مانایەش شیعر لە نێوان وردبوونەوەدا هێلە وەهمییەکانی خۆی دادەمەزرێنێ, بەڵام ئەگەر بتوانین وردبوونەوە بە خەزینە رۆشنبیرییەکەی شاعیر ببەستینەوە ئەوە وردبوونەوە ئەو حاڵەتەیە کە شیعرییەتی لێوە هەڵدەقوڵێ.

(3)

(شیعر کەشفکردنە) بێگومان سەرەڕای ئەوەی پرۆسەی کەشفکردن دەمانخاتە حاڵەتی سەرسامییەوە, بەدیوەکەی دیکەش دەکەوینە نێو چێژەوە, واتە ئەگەر بەشێك لەو سەرسامییە پەیوەندی بە توانای وێناکردنەوە هەبێ,' ئەوە بەشەکەی دیکە بۆ چێژ دەگەڕێتەوە, ئەو چێژەی کە لە بەرهەمی کەشفکراودا تامی دەکەین, بەو مانایە چەمکی کەشفکردن لە شیعردا دەبێتە ئەو حاڵەتە دەروونییەی کە دواجار لە چێژدا ئارام دەبێتەوە.

(4)

(شیعر دەستلێدانی زمانە بەڵام بە رووتی) واتە خودی ئەو دەستلێدانە, هەرگیز خۆی بە مانا پیرۆزەکانی زمان (بەمانا تەقلیدییەکەی) خەریك ناکات, بەڵکو هەوڵدەدا زمان لە هەموو پیرۆزییەکان رووت بکاتەوە, بەو مانایەش شیعر هەمیشە هەوڵەکانی نووسین پوچ دەکاتەوە, تاکو بتوانێ لە دەرەوەی نووسین جارێکی دیکە خۆی دابمەزرێنێ, بە مانایەکی دیکە شیعر وڕوژانی نووسینە لە دژی خۆی, ئەوەش دەلالەت لە داڕووتان‌و خاڵیکردنی زمان دەکات, یان چەسپاندنی نەرگزییەت دەگەیەنێ.

(5)

(شیعر هێرشی هەستە لە مەیدانی خەیاڵ) تێگەیشتنی (هێرش) لە مەیدانی جەنگ‌و مەیدانی خەیاڵ, دوو تێگەیشتنن کە دەشێ یەکەمییان بە وزە بەربەستکراوەکانی زمان پەیوەست بکەین, بەڵام دووەمییان بۆ ئەو وزە خەفەکراو‌و متبووانە دەگەڕێتەوە کە لە مەیدانی خەیاڵ (مەیدانی ئازادی)جولە دەکەن.
کەواتە هێرشی هەست لە مەیدانی جەنگ‌و هێرشی هەست لە مەیدانی خەیاڵ, لە خاڵی ئاسۆییدا بەیەك دەگەن, بەڵام لە خاڵی ستوونیدا لێکجیا دەبنەوە.

(6)

(سەرەتا شیعر بوو) ئەوە هەرگیز بەرپەچدانەوەی (سەرەتا وشە بوو) ناگەیەنێت, بەڵکو لەو بڕوایەوە دێ کە مرۆڤ لە درێژبوونەوەی ژیانی شیعردا زیندوویێتی خۆی فەراهەم دەکات, یان بە مانایەکی دیکە شیعر رۆحی مرۆڤە, کەواتە ئەگەر پێهاتەی جەستەی مرۆڤ یەکێتی وشە رۆڵی تیا ببینێ ئەوە رۆحی مرۆڤ لە شیعرییەتەوە سەرچاوە دەگرێ.

(7)

لە نێوان شیعرو شاعیردا دوو جۆر بیرکردنەوەو دوو جۆر خەیاڵ‌و دوو جۆر زمان هەیە, یەکێکیان بە شیعرەوە دەلکێ, ئەویدیکەیان بە شاعیرەوە, بێ ئەو دوو جۆرە, بێ ئەو بۆشاییە, بێ ئەو دەرفەتە خوێنەری جیاواز لەدایك نابێ.

ئەگەر ئەو دوو جۆرە لە بیرکردنەوەو خەیاڵو زمانە بکەونە هاوئاهەنگییەوە, واتە پەیوەندییەکەیان ئاسۆی بکەویتەوە, دەقێکی جیاواز دەخولقێ, بەڵام ئەگەر پەیوەندییەکە ئاڵوگۆڕی بێ, ستتوونی بکەویتەوە, جیهانبینییەکی دیکە دێتە بەرهەم, ئگەر دەقی جیاواز مانایەکی دیکە بە سیستەم ببەخشێ, ئەوە جیهانبینی جیاواز جۆرێکی دیکە لە سیستەم دەخولقێنێ.

(8)

کەواتە شیعر لە نێوان پەیوەندییە دیارو نادیارەکانیدا, لە نێوان مێژووی وشەو وزە شاراوەکانی وشەدا, لە نێوان خەیاڵی نووسەرو خەیاڵی زماندا, لە نێوان شێوازی جیاوازو جیهانبینی جیاوازدا, لە نێوان چێژو ویناکردندا, لە نێوان هەڵوەشانەوەو بونیادنانەوەدا,,,,,,,,,,,,,, پڕشنگە جوانەکانی خۆی دەوەشێنێ, بەو مانایە شیعر لە چرکەی درەشانەوە نزیکمان دەکاتەوە.

(9)

(کورد هەموو شاعیرن) ئەگەرچی ئەو وشەیە لە فۆلکلۆر هەڵنەهێنجراوە, بەڵام دڵنیام بیرکردنەوەی پشت ئەو رستەیە لە بەهەڵە تێگەیشتنی فۆلکلۆرەوەیە, من هەرگیز نامەوێ لە بەهای فۆلکلۆر کەم بکەمەوە, بەڵام هەوڵدەدەم لەو هاوپەیوەستبوونەدا فۆلکلۆر لە رێگەی تێگەیشتنی کوردیدا بخوێنمەوە, ئەوەش لەو خاڵەوەیە کە فۆلکلۆر لە دیدی کوردیدا دەخرێتە دەرەوەی عەقڵو مەعریفەوە, بەو مانایەش لە پشت رستەی ناوبراودا دەیانەوێ بڵێن بونیادی شیعری کوردی بە هەستەوە بەندە, نەك بیرکردنەوەی مەعریفی, کەواتە مانا قووڵەکەی ئەو رستەیە لە یەکسانکردنی شیعرو فۆلکلۆرەوە دێتە بەرهەم, بە دیوەکەی دیکەش واتە فۆلکلۆرو شیعر ئەوەندەی هەستە خەفەکراوو کەبتکراوەکان دەستیان لە وروژاندنی هەیە, ئەوەندە عەقڵو مەعریفەی تیا ونە.

(10)

دواجار دەمەوێ بە خوێنەر رابگەیەنم ئەو کۆمەڵە شیعرە هاوبەشە لە دەرەوەی رستەی کورد هەموو شاعیرن دەخەینە بەرچاو بەو هیوایەی لە رێگەی جیاوازییەکانەوە بتوانین

له ئاستی زمان‌و ئاستی چێژو ئاستی وێناکردن‌و ئاستی شیعرییەت‌و,,,,,,,,,,,,,,,,,هتد نزیکتان بکەینەوە.

بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە ناونیشانی ئەو کۆمەڵە شیعرەوەیە (نیگای دەست) کە ناونیشانی شیعرێکی (ئیلیۆرۆنێرەی شاعیری سویدییە) راستەخۆ بۆ مانای دەست‌و نیگای شاعیرەکان دەگەڕێتەوە, بە مانایەکی دیکە هەر یەك لە ئێمە لە شیعردا لە هەوڵی ئەوەدایە کە لەرێگەی دەستی خۆیەوە نیگاکان بنەخشێنێ, هەروەك چۆن لە رێگەی نیگای تایبەت بەخۆیەوە دەستی شیعر تا ئاستی چێژو نواندنی هونەری بەرز بکاتەوە, بە کورتی دەمەوی بڵێم ئەو ناونیشان تەنیا ناونیشانی تاکە شیعرێك نییەو بەس, بەڵکو ناونیشانێکە خۆمانی تیا دەبینینەوە, بۆیە بڕیارمان لە سەر داو کردمان ناونیشانی سەرەکی ئەو کۆمەڵە شیعرە هاوبەشەمان.

عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

هەولێر